DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022
العدد (81) يوليو 2022

# Title and Topography of the New Poetry of East Kurdistan

## (Poems of Hawar, Hawa, and Swara for example)

**Shawan Mohammad Amin Mahmoud**
**Department of Kurdish Language, Faculty of Education, University of Koya, Kurdistan Region, Iraq**
**Email: shwan.mhamadamin1@gmail.com**

**Dr. Osman Hamad Khader**
**Department of Kurdish Language, Faculty of Education, University of Koya, Kurdistan Region, Iraq**
**Email: Osman.hamad@koyauniversity**

## ABSTRACT

New poetry in terms of form have some important and basic elements, which are: (language, style, image, music, title, topography) in this research, which is under the title name The (title and topography of the new poetry of the East of Kurdistan - poems (Hawar, Chawa, Swara) for example) is an attempt to show these two poetry and their role and importance in renewing the poems of The Kurds of the East Kurdistan's authority, because titles and topography are two important dimensions of renewing poetry and have a significant role in renewing poetry, so they have been given special importance in kurdish new poetry. On the basis of the research that tries in two parts, discussing this subject in a way in both parts in a theoretical way It was marked, topography, and variety, and then practically and for example, the poetry of the mentioned poets, which are known as the small esteemed poetry of the Kurds of eastern Kurdistan, are mentioned It was enlightened.

**Keywords**: Topography,  New Poetry, East Kurdistan.

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022

# عنوان وطبوغرافيا القصائد الجديدة لشرق كردستان
# قصائد (هاوار، چاوه، سواره) على سبيل المثال

**شوان محمدأمين محمود**
**قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة كوية، إقليم كردستان ، العراق**
**البريد الالكتروني: shwan.mhamadamin1@gmail.com**

**أ.د.عوسمان حمد خضر**
**قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة كوية، إقليم كردستان ، العراق**
**البريد الالكتروني: Osman.hamad@koyauniversity**

## الملخص

تحتوي القصائد الجديدة من حيث الشكل على بعض العناصر المهمة والأساسية وهي: (اللغة، الأسلوب، الصورة، الموسيقى، العنوان، الطبوغرافيا) في هذا البحث الذي يقع تحت عنوان العنوان والتضاريس للقصائد الجديدة لشرق كردستان - قصائد (هاوار، چاوه، سواره) على سبيل المثال) هو محاولة لإظهار هذين العنصرين ودورهما وأهميتهما في تجديد الشعر الكردي. في شرق كردستان، ولأن العناوين الطبوغرافيا مثالان مهمان على تجديد الشعر ولهما دور كبير في تجديد الشعر، فقد أعطيت أهمية خاصة في القصائد الكردية الجديدة. واستنادا إلى البحث الذي يحاول في جزأين، تم مناقشة هذا الموضوع بطريقة في كلا الجزأين بطريقة نظرية تم تمييزها وتضاريسها وتنوعها، ثم عمليا وعلى سبيل المثال تم ذكر قصائد الشعراء المذكورين، والمعروفة باسم القصائد الجديدة لأكراد شرق كردستان. كان مستنيرا .

**الكلمات المفتاحية:** قصائد جديدة، عناوين، طبوغرافيا.

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022
JALHSS

# ناونیشان و تۆپۆگرافیای شیعری نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## شیعری (هاوار، چاوە، سوارە) بە نموونە


### پوختە

شیعری نوێ لەڕووی فۆرمەوە چەند ئەدگارێکی گرنگ و بنەڕەتی هەیە، کە بریتین لە: (زمان، شێواز، وێنە، مۆسیقا، ناونیشان، تۆپۆگرافیا) لەم لێکۆڵینەوەیەدا، کە لەژێر ناونیشانی (ناونیشان و تۆپۆگرافیای شیعری نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان- شیعری (هاوار، چاوە، سوارە) بە نموونە)دایە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەو دوو ئەدگارە و ڕۆڵ و گرنگییان لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چونکە ناونیشان و تۆپۆگرافیا دوو ئەدگاری گرنگی نوێکردنەوەی شیعرن و ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە نوێکردنەوەی شیعردا، بۆیە لە شیعری نوێی کوردیشدا گرنگییەکی تایبەتیان پێدراوە. لەسەر ئەو بنەمایە توێژینەوەکە هەوڵدەدات لە دووبەشدا تاوتوێی ئەم بابەتە بکات بەجۆرێك لە هەر دوو بەشەکەدا سەرەتا بەشێوەیەکی تیۆری باسی ناونیشان و تۆپۆگرافیا و جۆرەکانی کراوە و پاشان بەشێوەیەکی پراکتیکی و بە نموونەی شیعری شاعیرانی ناوبراو، کە بەسێکوچکەی شیعری نوێی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراون باسەکە ڕوونکراوەتەوە.


**کلیلە وشەکان**: شیعری نوێ: ناونیشان و تۆپۆگرافیا.

**پێشەکی**: ئەدگارەکانی شیعری، کە پێکدێن لە (زمان، شێواز، وێنە، مۆسیقا و تۆپۆگرافیای شیعر) بنەمای پێکهێنانی شیعرن، بۆیە هەر گۆڕانێك لە شیعردا ئەبێتە هۆی گۆڕانی ئەم بنەمایانەی شیعر. شاعیرانی کوردیش بە پێی بارودۆخی سیاسی هەوڵی نوێکردنەوەی شیعریانداوە، بەڵام ئەم نوێکردنەوەیە لە هەموو بەشەکانی کوردستان وەك یەك و لەیەك کاتدا نەبووە، بەڵکو بە پێی هەلومەرجی سیاسی هەر یەك لە بەشەکان تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووە، گەرچی ئەدەبی کوردی هەمووی هەریەکە و خزمەتی زمانی کوردی دەکات، بەڵام بەهۆی دابەشبوونی خاکەکەی ئەدەبی هەریەك لە پارچەکانی کوردستان خاوەنی خاسیەتی تایبەت بە خۆیانن. ئەدەبی نوێی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەك هەریەك لە پارچەکانی دیکە خاوەنی چەندین تایبەتمەندی خۆیەتی لەوانە دواکەوتنی نوێکردنەوەی شیعر بەبەراورد بە باشووری کوردستان و کاریگەربوونی بە زمان و ئەدەبی فارسی و ...هتد، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ باسکردنی ناونیشان و تۆپۆگرافیا وەك دوو لە ئەدگارەکانی شیعری نوێی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022

**سنووری توێژینەوەکە:** سنوری توێژینەوەکە بریتییە لە باسکردنی ناونیشان و تۆپۆگرافیا وەك دوو ئەدگارەکانی شیعری نوێی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان- دیاڵکتی ناوەڕاست لە شیعری (هاوار، چاوە، سوارە)دا.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە تاکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەم بوارەدا سەبارەت بە شیعری نوێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکراوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیرەو کراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەك بە (زمانی کوردی و عەرەبی) پێکدێت: لە بەشی یەکەمدا باسی ناونیشان و جۆرەکانی و ڕەنگدانەوەی وەك ئەدگارێکی شیعری نوێ لە شیعری (هاوار، چاوە، سوارە)دا کراوە، لە بەشی دووەمیشدا باسی تۆپۆگرافیا و جۆرەکانی و ڕەنگدانەوەی وەك ئەدگارێکی شیعری نوێ لای شاعیرانی ناوبراو کراوە. لە کۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم:ناونیشانی شیعری

زاراوەی ناونیشان لە زمانی کوردیدا، کە بەرانبەر (Title)ی ئینگیلزی و (العنوان)ی عەرەبی دانراوە ڕێشەیەکی کۆنی هەیە و بۆ وشەی (Titulus) لاتینی دەگەڕێتەوە، کە لە بوارە گشتییەکەیدا بە واتای بەخشینی زانیاری دێت لە چالاکییە مرۆڤایەتیەکانی وەك (ڕۆشنبیری و سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەدەبی،...هتد)دا، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی مەبەستە بواری ئەدەبییە، بۆیە تەنها ئەم لایەنەی دەخرێتە بەرباس. ئەم بابەتە لە ئەدەبی جیهانیدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، کەچی لە ڕەخنەی کۆندا هەست بە بایەخ و گرنگیە بەرچاوەکەی نەکراوە، بۆیە لە ئاستێکی سادە و ڕووکەشدا ناسێنراوە و تەنها لە ئاستی جیاکردنەوەی ناوی دەقەکان ئاوڕی لێ دراوەتەوە، بەڵام لە ڕەخنەی نوێدا سەرەتا لەژێر کاریگەری بنیادگەرەکان دواتریش زمانناسی دەق ناونیشان سەرنجی لێکۆڵەرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و دواجار دوای لێکۆڵینەوەکانی هەردوو زانای فەرەنسی (فرانسوا فوریە، ئاندەریە فۆنتینا) وەك زانستێك ناسێنراو و لە بواری ئەدەبیشدا وەك ڕەگەزێکی گرنگی جوانیناسی تەماشاکراوە، بۆیە لە ئاستێکی قوڵتر لێکۆڵینەوە لە بونیاد و پێکهاتەی ناونیشان و چۆنیەتی پەیوەندی بە دەقەکەوە کراوە و وەك یەکێك لە سیما سەربەخۆکانی دەقی ئەدەبی بەشێوەیەکی فراوانتر گفتوگۆی لەسەرکراوە (خالد،2021،7-13)، چونکە لەگەڵ ئەوەی ناونیشان لە تاکە وشەیەك یان گرێ یاخود ڕستەیەکی کورت پێکدێت، بەڵام ئەمە یەکەم چرکە ساتی بەریەکەوتنی خوێنەر لەگەڵ دەقدا، ئەمەش بۆ خوێنەری تینو لە نیگای عاشق و مەعشقوق دەچێت، کە هێزێکی ئەفسووناوی هەیە لە سەرنجڕاکێشیندا، بۆیە ناونیشانی دەق بە قەبارە زمانیەکەی ناپێورێ، بەڵکو ئەمە کۆدێکی زمانییە و

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022

نوێنەرایەتی واتای گشتی دەقە دەکات، لەبەرئەوە پێویستە نووسەر ورد و ئارام بێت لە هەڵبژاردنی ناونیشانی دەقەکەی، تاکو بتوانێ کەرستەیەکی زمانی گونجاوی وا بدۆزێتەوە، کە هەڵگری سیمای جوانی و سەرنجڕاکێشی و پەیامی دەق بێت، چونکە ناونیشان وەك سەری دەق جگەلەوەی ناوێکە بۆ دەقی ئەدەب و هەڵگری واتای گشتییەتی هۆکارێکیشە بۆ بانگەشەی دەق، بۆیە دەبێ نووسەر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکات و گرنگییەکی تایبەتی پێبدات و ناونیشانێکی وا هەڵبژێرێت، کە دەقەکە تووشی چەق بەستوویی نەبێت (الثامری،2010،13). هەموو ئەمانەش بوونە هۆی ئەوەی نووسەران و توێژەرانی ئەوروپی و عەرەبی، بەدوای ئەوانیشدا کوردی لە سەردەمی ئەدەب و ڕەخنەی نوێدا گرنگییەکی تایبەتی بە ناونیشانی بدەن و هەموو ئەو ئەرکە گرنگانە دیاری بکەن، کە ناونیشان لەم پرۆسەیەدا دەیگێڕێت و لە سەروو هەمووشیانەوە (ناساندن و پەیام و بانگەشە)ی بەرهەمی ئەدەبی دێن، بۆیە لەگەڵ ئەوەی ناونیشان لەڕوانگەی جیاوازەوە ناسێنراوە، بەڵام لە بواری ئەدەبیدا زۆربەی پێناسەکان بەدەوری بەیانکردنی ئەرکی ئەم وشانەدا دەخولێنەوە (رضا، 126،2014). لەسەر ئەو بنەمایە باشترین پێناسە ئەوەیە، کە هەموو ئەو چەمکانە لەخۆ دەگرێت و دەڵێ: ناونیشان ئەو پێکهاتە زمانییە ورد و جوان و سەرنجڕاکێشە، کە لەلایەك نوێنەرایەتی بیرۆکەی دەق و ناساندنی دەکات، لەلایەکیتریش وەك کۆد و کلیلێکی دەبێتە پردێك لەنێوان دەق و خوێنەر، بۆیە ناونیشانی بەهێز خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەق هاندەدات (قزوینی،1398،109)، ئەمەش ناساندنێکی گونجاوە، چونکە لەڕێگەی وشەی (کۆدبوون)ەوە ئاماژەی بەوە کردووە، کە زۆرجار لە دەقە نوێ و هاوچەرخەکاندا ناونیشان لەبری ئەوەی وشە و دەرپڕینێکی زمانی بێت یەکێك لە هێماکانی خاڵبەندی یان هێمایەکی ئەندازەییە، هەریەك لەمانەش هەڵگری پەیامی تایبەتی خۆیانن و دەبنە جێی سەرنجی خوێنەر و توێژەر، بۆیە لە ڕەخنەی نوێدا شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی لە ناونیشانەوە دەست پێدەکرێت، چونکە ناونیشان وەك یەکەم دەروازەی چوونە نێو جیهانی دەق و پەیامێکی کورتی زمانی و کۆدێك بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەگەل ناوەرۆکی بەرهەمی ئەدەبیدا هەیەتی ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە شکاندن و ئاشکراکردنی دیوەشاراوەکانی نێو دەق و وەك دەقێکی بچووککراوە سەیردەکرێت (الشريف،2018،11-12). کەوایە دەکرێ بگوترێ: ناونیشان نوێنەری ئەو وێنە چڕوپڕەیە، کە نووسەر لەڕێگەیەوە کلیلی ڕەوتی ڕووداوەکانی بەرهەمەکەی بە خوێنەر ئاشنا دەکات، بۆیە لە ئەدەب و رەخنەی نوێدا لای نووسەر و ڕەخنەگران هەڵوەستەی لەسەرکراوە. ناونیشانیش وەك هەر بوارێکیتری ڕۆشنبیری چەند جۆرێکی هەیە، ئەمەش سەرنجی توێژەرانی ڕاکێشاوە بۆ ئەم مەبەستەش (جیرا جینیت) دەست پێشخەریی کردووە و سێ جۆر ناونیشانی دیاریکردووە، کە بریتین لە ناونیشانی (سەرەکی، لاوەکی، ژانریی)، زۆربەی توێژەرانیش کاریان لەسەر ئەم جۆرانە کردووە، بەڵام (د. خالید حسین) لە کتێبی (فی نظرية العنوان- لە تیۆری ناونیشاندا) جۆرێکیتری زیادکردووە، کە بریتییە لە (ناونیشانی ناوەکی) بەم شێوەیە چوار جۆر ناونیشانی گشتی دەستنیشانکراون، کە بریتین لە:-

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022

أ- ناونیشانی سەرەکی (گشتی- بنەڕەتی- ڕەسەن).
ب- ناونیشانی لاوەکی- لق.
ت- ناونیشانی دەستنیشانکردنی ژانر- جیاکردنەوەی ژانر.
ث- ناونیشانی ناوەکی (حسنیة،2014،46).

ئەمە باسێکی گشتی زاراوە و مێژووی و گرنگی و پێناسەی ناونیشانە، بەڵام مێژووی دەرکەوتن و گرنگی پێدانی ناونیشان لە ئەدەب و ڕەخنەی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی ڕەگەزەکانی شیعری نوێ، چونکە دانانی ناونیشانی بۆ شیعر بە گوێرەی هەڵکەوتەی جوگرافی دەگەڕێتەوە بۆ شاعیرە نوێخوازەکانی وەك: (عەبدوڕەحیمی هەکاری، شێخ نووری، پیرەمێرد، گۆران، قەدری جان، جگەر خوێن)، لەبەرئەوەی لە قۆناغی کلاسیکدا نەك هەر شیعرەکان ناونیشانیان نەبوو، بەڵکو دیوانەکانیش هەر بەناوی شاعیران خۆیانەوە ناودەنران و هیچ ناونیشانێکیان بۆ دانەنراوە، لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیشدا مێژووی ناونیشان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دوای ڕاپەڕینی (1991) گەلی کورد لە باشووری کوردستان (خالد،2021،10-13). لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، کە بابەتی سەرەکی ئەم باسەیە دانانی ناونیشان بۆ شیعر دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی کلاسیکی نوێ (شاعیرانی پێش سەردەمی کۆماری کوردستان- سەیفی قازی و مەلا مارف و مستەفا شەوقی)، بۆیە دانانی ناونیشان بۆ دیوان و شیعری شاعیران لە ئەدەبی کوردیدا دەکرێ وەك یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی شیعری نوێ و خاڵە جیاوازەکانی لە گەڵ شیعری کلاسیك باسبکرێت، چونکە هەڵبژاردنی ناونیشان بۆ تێکست دیاریدەیەکی مۆدێرن و مۆدێرنیزمی ئەوروپاییە و پەیرەوکردنی ئەو دیاریدەیەش لەمێژووی شیعری کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئەو تەوژمە نوێگەرییە لەسەر شیعری کوردی (پیرباڵ،2002،26). لەسەر ئەو بنەمایە لەم توێژینەوەیەدا وەك یەکێك لە سیماکانی شیعری نوێ باسی جۆرەکانی ناونیشانی شیعری لای (هاوار، چاوە، سوارە)دا دەکەین وەك پێشەنگەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

## جۆرەکانی ناونیشان ئەرك و ڕەنگدانەوەیان لە شیعری(هاوار، چاوە، سوارە)دا:-

وەك پێشتر ئاماژەی بۆکراوە توێژەرانی ئەم بوارە چەند جۆرێکی ناونیشانیان دیاریکردووە، بەڵام بە گشتی چوار جۆری سەرەکی دیاریکراون، کە بریتین لە:-

1- **ناونیشانی سەرەکی:** ئەوناونیشانەیە، کە بە ڕێنووسێکی گەورە و ڕوون لەسەر بەرگی کتێب و دیوانەکان دەنووسرێت و دەبێتە هەڵگری پەیامی گشتی بەرهەمەکە و زۆرجاریش ناسنامەی نووسەر، چونکە هەندێ جار ناوی بەرهەمەکە دەبێتە ناونیشانێك بۆ نووسەر و لەگەڵ هێنانی ناوی بەرهەمەکە ناوی نووسەریش دێتەوە بیری خوێنەر یان هەندێ جار ناونیشانەکە وێنەیەکی وەسفییە و لەو ڕێگەیەوە شاعیر وێنەیی وەسفی (ئایکۆنی) پێشکەش دەکات (حسنیة،2014،46). ئەو جۆرە ناونیشانە لەکاتی چاپکردنی شیعرەکانی هەریەکە لە (هاوار، چاوە، سوارە) ڕەنگی داوەتەوە، چونکە

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022

(هاوار) سێ جار دیوانەکەی چاپکراوە، جاری یەکەم ناونراوە (بزەی زەمەند) گرێیەکی ناوییە، کە ناونیشناوێکی ڕۆمانسیانەی جوان و شاعیرانەیە و بیری خوێنەر کێش دەکات، جاری دووەمیش ناونراوە (گوناه)، کە ناونیشانی یەکێك لە شیعرەکانییەتی و لە ناوێکی واتایی سادە پێکهاتووە، بۆیە وێنەیەکی ژیری لای خوێنەر دروست دەکات، بەڵام وێنەیەك خوێنەر لەڕێگەیەوە هەست بە خەم و پەژارەی شاعیر دەکات، جاری سێیەمیش ناونراوە (جەللاد)، کە ئەمیش ناوێکی سادەیە بەرجەستەیە و ناونیشانی یەکەم شیعری نوێی شاعیرە و دەکرێ بگوترێ بووە بە ناسنامەی شاعیر، کە بە هۆیەوە وێنەیەکی هەستی لەڕێگەی هەستی بینین پێشکەشکراوە، کە بریتییە لە وێنەی مرۆڤێکی خوێنڕێژە. هەروەها (چاوە) یەکجار دیوانەکەی چاپکراوە، بەڵام وەك شاعیرێکی نوێخواز ناونیشانی بۆ دیوانەکەی داناوە و ناونراوە (هەرێمی شەو)، ئەوەی لەم ناونیشانە تێبینی دەکرێ ئەوەیە، کە وەك لە زمان و شێوازی شیعری (چاوە)دا ئاماژەی بۆ کراوە وشەی (شەو) یەکێکە لەو وشانەی لە نێو شیعری شاعیردا گرنگییەکی تایبەتی پێدراوە، بۆیە ئەم وشەیە ڕەنگدانەوەی لە سەر ناونیشانی دیوانەکەشی هەبووە و شیعرەکانی بە هەرێمێکی تاریکی (شەو) ناوناوە، ئەمەش جگەلەوەی وێنەیەکی هێمایی جوان و سەرنجڕاکێشی وای پێشکەش کردووە، کە پرسیار لە مێشکی خوێنەر دروست دەکات و دنەی دەدات بۆ خوێندنەوە، تاکو بزانێ ئەم هەرێمە بۆچی هەر تاریکییە و مەبەست لە شەو چییە؟

بەهەمان شێوە شیعرەکانی (سوارە)ش دووجار چاپکراون، جارێك بە ناوی (خەوەبەردینە)، کە وشەیەکی لێکدراوە و ناونیشانی یەکێکە لەو شیعرە بەرزانەی (سوارە)یە، کە هەڵگری دەلالەتێکی هێمایی قوڵ و بەهێزە، جاری دووەم شیعر و پەخشانەکانی بە یەکەوە بەناوی (شەنگەسوار) چاپکراون، کە ئەمیش ناونیشانی یەکێکە لە شیعرەکانییەتی و ڕەهەندێکی وەسفی هەیە و بەهۆیەوە وێنەی مرۆڤێکی جوامێر و سوارێکی لێهاتووی کێشراوە.

**2- ناونیشانی لاوەکی:** ئەو ناونیشانەیە، کە بە ڕێنووسێکی قەبارە بچووکتر لەگەڵ ناونیشانی سەرەکیدا دێت و ئەرکی تەنها ڕوونکردنەوەی ناونیشانی سەرەکییە، واتە بۆ نەهێشتنی تەم و مژی سەر ناونیشانی سەرەکییە، بۆیە زۆرجار بە ناونیشانی دووەمیش ناو دەبرێت، بەڵام مەرج نییە لە هەموو بەرهەمێکدا بوونی هەبێت، چونکە نەبوونی هیچ خەوشێك بە بابەتەکە ناگەیەنێت (خالد،2021،26). ئەم جۆرە ناونیشانە لە دیوانەکانی (هاوار، چاوە، سوارە)دا بوونیان نییە.

**3- ناونیشانی دەستنیشاکردنی ژانری- چەشنی ئەدەبی:** ئەو ناونیشانەیە، کە جۆری بەرهەمە ئەدەبییەکە لەڕووی ژانرەوە (شیعر، چیرۆك، ڕۆمان، شانۆ،...هتد) دیاری دەکات، بەمەش یارمەتی خوێنەر دەدات لە ناسینی چەشنەی بەرهەمی نێو کتێبەکە، چونکە زۆرجار لە پاڵ ناوی کتێبەکە و لە سەر بەرگەکەی یان لە لاپەڕی دوای بەرگ ژانری بەر هەمەکە دیاری دەکرێت و دەنووسرێ (شیعر، چیرۆك، ڕۆمان،...هید) یان لە ئەدەبی هاوچەرخدا زۆرجار سنووری چەشنە ئەدەبییەکان تێکەڵ بوون، بۆیە نووسەر چەشنی بەر هەمەکە بەخوێنەر دەناسێنی و لە سەری دەنووسێ (پەخشانە

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022

شیعر، چیرۆکە شیعر، ڕۆمانە شیعر،...هتد). بۆ نموونە (شێرکۆ بێکەس) ئەم شێوازەی پەیڕەوکردووە. سەبارەت (هاوار، چاوە، سوارە)ش دیوانی هەریەکە لە (هاوار، چاوە) ئەم زانیارییەیان لە سەر نووسراوە و چەشنی بەرهەمەکە بە خوێنەر ناسێنراوە بەوەی لەسەر دیوانی (هاوار) لەگەڵ ئەوەی بە گەورەیی نووسراوە (گوناھ) لە پاڵیشیدا نووسراوە (دیوانی شێعری عەلی حەسەنیانی- هاوار)، بەهەمان شێوە لەسەر دیوانی (چاوە)ش لەگەڵ ئەوەی بەگەورەیی نووسراوە (هەرێمی شەو) بەدوایدا بەقەبارەیەکی بچوکتر ژانراکە دیاری کراوە و نووسراوە (کۆی بەرهەمە شێعرییەکانی- چاوە) بەمەش چەشنی ئەدەبەکەی دیاریکراوە، کە شیعرە، بەڵام لای (سوارە) لە بەرهەمی (شەنگەسوار) ، کە سەرچاوەی پشت پێبەستراوی ئەم توێژینەوەیەیە چەشنە ئەدەبییەکە دیاری نەکراوە، چونکە دوای وشەی (شەنگەسوار) بە قەبارەیەکی بچووکتر نووسراوە سەرجەمی بەرهەمەکانی سوارە ئێلخانی زادە)، بۆیە لە کاتێکدا خوێنەر زانیاری لە بارەی بەرهەمەکانی (سوارە)ەوە نەبێت ئەبێ سەیری ناونیشانی بەش بکات، تاکو بزانی ئەو سەرجەمی بەرهەمە چییە؟ ئایە مەبەستی هەموو ئەو بەرهەمانەیە، کە نووسەر لە چواری چێوەی یەك چەشنی ئەدەبیدا نووسیوونی یان هەموو ئەو بەرهەمانەیە، کە لە دوو چەشنی ئەدەبی جیاواز یان زیاتردا نووسیوونی، کە بێگومان لێرەدا مەبەست شیعر و پەخشانەکانیەتی بە وەرگێڕاوەکانیشەوە، بۆیە پێویست بوو بنووسرایە (سەرجەم بەرهەمەکانی سوارە شیعر و پەخشان) یان وەك ئەوەی (محەمەد بەهرەوەر) لە کۆکردنەوەی نووسراوەکانی دەربارەی (سوارە) نووسیویەتی (شێعر و پەخشانی سوارە).

**4- ناونیشانی ناوەکی:** ئەم جۆرەیان هەموو ئەو ناونیشانانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە نێوان هەردوولای بەرگی دیوانەکان و ناوی (بەش، تەوەر، بابەت، دەقە)کان دیاری دەکەن، بۆیە پێی دەگوترێ: (ناونیشانی ناوەکی) و چەند جۆرێکی ناونیشان لە خۆدەگرێت، کە بریتین لە:-

**أ- ناونیشانی یاریدەدەر:** ئەو ناونیشانەیە، کە دووبارەکراوەی هەمان ناونیشانی سەر بەرگە و ڕاستەوخۆ لە پەڕەی دوای بەرگی کتێب و دیوانەکان دێت، ئەم ناونیشانەش سوودی ئەوەیە، کە لەکاتی دڕان و لێبوونەوەی بەرگی دیوانەکان دەبنە جێگرەوە و پارێزەری زانیارییەکانی سەر بەرگ (خالد،2021،53). ئەم جۆرە ناونیشانەش لەسەر دیوانی (هاوار، چاوە، سوارە)دا بوونی هەیە.

**ب- ناونیشانی بەش:** ئەو ناونیشانانەن، کە وەك ناونیشانی بەش و بابەتەکانی نێو کتێب و دیوانەکان دێن، چونکە هەر کتێب و دێوانێك کە بەشێوەیەکی زانستی نووسرابێت ناوەرۆکی نووسراوەکە دابەشی شەر بەش و بابەتەکانی نێو کتێبەکەی دەکات، تاکو ئاسانکاری بۆ خوینەر بکات، هەریەك لەم بەش و بابەتانەش ناونیشانی تایبەت بەخۆیان هەیە و پێیان دەگوترێ: (ناونیشانی بەش) (ڕەئوف،2016،292). ئەم جۆرە ناونیشانە لە دیوانەکانی (هاوار، چاوە، سوارە)دا هەیە، چونکە دیوانی هەریەکەیان، جگەلەوەی بابەتێك بە ناوی (بەرایی یان ڕوونکردنەوە، یان پێشەکی) لە

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022

خۆدەگرێت، لای (هاوار، چاوە) دیوانەکان بەپێی شیعرەکان دابەشکراون بۆ چەند بەشێك، بەجۆرێك لای (هاوار) دابەشکراوە بۆ دووبەش بەم شێوەیە:-

- **بەشی یەکەم: شێعرە کلاسیکی.**
- **بەشی دووەم: شێعرە نوێ.**

لای (چاوە)ش دابەشکراون بۆ:

- **شێعرە نوێیەکان.**
- **شێعرە کلاسیکەکان.**
- **شێعرە فارسییەکان.**

هەروەها لای (سوارە)ش بەهۆی ئەوەی (شەنگەسوار) هەموو بەرهەمەکانی شاعیر لە خۆدەگرێ، بەڵام بێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ بکرێ کتێبەکە دابەش بووە بۆ دوو بابەتی سەرەکی، بەجۆرێك پەخشانەکان لەژێر ناونیشانی (تاپۆ و بوومەلێڵ)دا کۆکراونەتەوە، شیعرەکانیش لەژێر ناونیشانی (خەوەبەردینە)دا، ئەمیش بە پێی زمانی شیعرەکان دابەشکراوە بۆ:-

- **بەشی یەکەم: شێعرە کوردییەکان.**
- **قسمت دوم: اشعار فارسی.**

بێگومان ئەم ناونیشانەش (بەش) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت و یارمەتیدانی خوێنەر دەدات بۆ ئەوەی بە ئاسانی ئەو جۆری شیعرەکان لەرووی کۆنی و نوێیەوە یان زمانەوە لەیەکتری جیابکاتەوە.

**ت- ناونیشانی دەق- شیعر:** لە شیعری نوێدا، جگەلە ناونیشانی سەرەکی (دیوان) هەموو شیعرێکی نێو دیوانەکەش نانیشانی تایبەت بەخۆیان هەیە و بوون بە ناسنامەی دەقە شیعرییەکان بەو جۆرە ناونیشانانەش دەگوترێ: (ناونیشانی دەق- شیعر)، کە شیعرەکەی لەڕێگەوە دەناسرێتەوە (حمە،2021،75). لەم بارەیەوە هەریەکە لە (هاوار، سوارە) هەموو شیعرەکانیان ناونیشانی تایبەت بە خۆیان هەیە و هیچ شیعرێکی بێ ناونیشانیان نییە، کەچی ئەوەی لای (چاوە) تێبینی کراوە ئەو شیعرانەی لە بەشی شیعری نوێدا تۆماری کراون هەموویان خاوەنی ناونیشانن، بەڵام دوو لەو شیعرانەی لە بەشی شیعرە کلاسیکییەکاندان ناونیشانیان نییە، کە یەکێکیان شیعرێکی پێنج دێرییە و لە لاپەڕە (113) دیوانەکەیدایە و ئەوەی تریان تاك بەیتێکە و لە لاپەڕە (126) دیوانەکەیدایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لای هەرسێ شاعیر جێگەی سەرنجە ئەوەیە هەرسێکیان لە زۆربەی ناونیشانەکاندا شیعریەت و وردی و زمانزانی بەدی دەکرێت. بۆ نموونە کاتێك لە ناونیشانێکی وەك (ئاواتی مردوو) لای (هاوار) ڕادەمێنین هەست بە زمانزانی و شاعیریەتی شاعیر دەکرێ، چونکە لەڕێگەی ئەو گرێ ناوییە، کە کردوویەتی بە ناونیشانی شیعرەکە، جگەلەوەی وێنەیەکی وەسفی جوان و سەنجراکێشی لە سەربنەمی ژیری پیشکەش کردووە، هەر بەو گرێیە گرێیەکیشی لە مێشکی خوێنەر دروستکردووە، بەوەی پرسی ئەوەی لا وروژاندووە (ئاواتی مردوو) یانی چی؟ بۆچی (ئاواتی مرۆڤ دەمرێ؟)، یان دەگونجێ خوێنەر (ئاوات) بە مرۆڤێك

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022

تێبگات، كە مردووە ئەو كات وێنەكە دەبێتە وێنەیەكی هەستی بیراو، بۆیە ئەم پرسانە دەبنە بانگەشەیەك بۆ شیعرەكەو سەرنجی خوێنەر ڕادەكێشن خوێنەدنەوە، لایەنێكتری ئەم ناونیشانە ئەوەیە، كە دوا نێوە دێری شیعرەكەی كردووە بە ناونیشان، بەمەش ناونیشانی كۆتایی شیعرەكەی ئاوێتەكردووە. وەك دەڵێ:

**(ئاواتی مردوو)**

**لە نێوئاسمانی ژینی لە دەس چووە،**
**ئەستێرەی ئاوات،**
**چەند شەوێك هەڵات...**
**ئەو ئێستێ من و بیری ڕابردوو،**
**داخوا كەی دیسان وەدی بێتەوە**
**ئاواتی مردوو..**(حەسەنیانی،2010،121)

یان كاتێك لە ناونیشانێكی وەك شیعری (بۆ كچە نان فرۆشی سەرجادە)ی (چاوە) دەڕوانین لەگەڵ ئەوەی وێنەیەكی هەستی بیراوی كێشاوە، بابەتێكی مرۆڤایەتی و مەسەلەی گرنگی دان بە ئافرەت بە دی دەكرێت، كە یەكێكە لە سیماكانی شیعری نوێ، هەروەها لەڕێگەی ئەم ناونیشانەوە، كە ڕستەیەوەكە وشەكانی لەم كۆپلەی یەكەمی شیعرەكە وەرگیراون:

**ئەی كچە نان فرۆشەكە!**
**شەو درەنگە**
**هەتا كەی ناگەڕێیتەوە؟**
**درەنگ وەختە و شار بێ خاوەن**
**تا كەی لەسەر ئەم جادەیە ئەمێنیتەوە؟**...(ناسری،2019،87)

ناونیشانێكی پێشكەش كردووە، كە هەڵگری واتایەكی قوڵە و بانگەشەی چیرۆكێك دەكات، بۆیە كاتێك خوێنەر چاوی بەم ڕستەیە دەكەوێت حەزدەكات ئەم چیرۆكە بزانێت، بەمەش شاعیر ئەركەكانی ناونیشانی پێكاوە، كە بریتین لە (ناونان، پەیام، بانگەشە).

بەهەمان شێوە كاتێك سەرنجی ناونیشانی شیعری (شار)ی (سوارە) دەدەین ناونیشانەكە تەنها وشەیەكی سادەیە، بەڵام ئەم تاكە وشەیە وێنەیەكی هەستی بینی شوێنێكی جوگرافی نیشتەجێبوونی فراوانی پڕ لە جەنجاڵ و ژاوەژاوی ژیانی مرۆڤ و سەنتەری پێشكەوتنی هەموو بوارەكانی مرۆڤایەتی دەكێشێت، بۆیە ئەم وشەیە خوێنەر لەكاتی بینینی تووشی هەڵوەستە و پەرۆشییەك لە ناخیدا بۆ زانینی هەڵوێستی شاعیر سەبارەت بە (شار) دروست دەكات، بەمەش جگەلەوەی ئەم وشەیە بووەتە ناسنامەی دەقەكە هۆكارێكیشە بۆ بانگەشەی دەقەكە، چونكە خوێنەر تاكو دەقەكە نەخوێنێتەوە نازانێ لەگەڵ ئەوەی (شار) بۆ (سوارە) شوێن و قۆناغی پێگەیشتن و شوناسیەتی، بەڵام بۆ مرۆڤی هەستیار و خاوەن دید و خەیاڵ و ئەندێشەی ڕۆمانسیانە دۆزەخە (قەرەداغی،2019،72)، بۆیە (شار) بۆ شاعیرێكی هەست ناسك و عاشقی جوانی و پەروەردەی باوەشی سروشت و ژیانی سادەی لادێ نشینی وەك (سوارە) بووە بە چەقی ململانێیەكی دەروونی و ناتوانێ لە نێو ئەو

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022

زەمینە ئاڵۆز و جەنجاڵەدا بژیت، بۆیە بە شێوازی مەنەلۆگ ئەم بێزارییەی خۆی بە خۆشەوێستەکەی، کە پەروەردەی (شار)ە ڕادەگەیەنێت و دەڵێ:

**گوڵم! دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ،**
**ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت!**
**دەڵێم بە جامی ئاوی کانیاوی دێیەکەم**
**عەلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم لە دەردی ئینتیزارەکەت!**
**وەڕەز بوو گیانی من لە شار و هاڕەهاڕی ئەو**
**لە ڕۆژی چڵکنی تاویاوی شەو!**...(ئاشتی،2014،565)

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەری یەك لە (هاوار، چاوە، سوارە) بایەخێکی تایبەتییان بە ناونیشان داوە، بۆیە لەکاتی بینینی ناونیشانی شیعرەکان خوێنەر هەست بە وردی و زەوق و سەلیقە و زمانزانی و شاعیریەتییان دەکات، چونکە زۆربەی ناونیشانەکان شیعریەتیان تێدا بەدی دەکرێت.

## بەشی دووەم:تۆپۆگرافیای شیعری

زاراوەی تۆپۆگرافیا (topographya)، کە لە وشەی (topography) تۆپۆکرافی ئینگلیزییە وەرگیراوە لەبنچینەدا زاراوەیەکە لە زانستی جوگرافییدا بۆ بواری زەوی ناسیی بەکارهاتووە، بەڵام لە ڕەخنەی ئەدەبیشدا بۆ شێوازی نووسینی دەقی شیعر لەسەر ڕووی لاپەڕە بەکاردەهێنرێت، ئەم زاراوەیەش دوای دەرکەوتنی شیعری نوێ گرنگی پەیدا کردووە، چونکە لە شیعری نوێدا یەکێکی دیکە لەو تەکنیکانەی لە ڕووی فۆرمی شیعرییەوە بایەخی پێدراوە شێواز و چۆنیەتی نووسینی بەیتی شیعری بووە (حمە،2021،57)، بۆیە تۆپۆگرافیا، کە بریتییە لە چەندێتی و چۆنیەتی نووسینی پیت و وشە و گرێ و ڕستەکان لەسەر ڕووپەڕی لاپەڕە بووە بە یەکێکە لە ڕەگەزە هونەریە گرنگەکانی شیعری نوێ و شاعیران بایەخێکی تایبەتیان پێداووە و هەوڵیانداوە شێوازی نووسنی تۆپۆگرافیایی شیعرییان جیاواز بێت لە هی شیعری کلاسیك، کە بەهۆی کێشی شیعرییەوە شێوەیەکی ستوونی دەق گرتووی وەرگرتبوو و سنووری بۆ چەندیەتی و چۆنیەنی نووسینی وشە لەسەر کاغەز لەبەردەم شاعیر دانابوو، بۆیە هەر لەسەرەتاوە تۆپۆگرافیای شیعری کلاسیك لای شاعیر و خوێنەر زانراوبوو و شاعیر زانیویەتی لە کوێ وشە دەنووسێت و لە کوێ سپێتی جێدەهێڵێت، بەڵام لە شیعری نوێدا هیچ جۆرە سنورێکی کێشراو لەبەردەم شاعیردا نییە، بۆیە شاعیر بە هیچ جۆرێك ڕووبەری سپێتی و ڕەشێتی شیعرەکەی نازانێت، چونکە شیعری نوێ وابەستەی جۆرە یاسایەکی لەم شێوەیە نییە، بەمەش شاعیرانی نوێخواز ئازادییەکی زیاتریان لەبەردەمدا بووە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی جوگرافیای دەقی شیعرەکانیان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەشێوەیەکی شاقوڵی دەست پێدەکات، بەڵام بەیەك ئاستی ئاسۆیی ڕێ ناکات (بەرزنجی،1994،31)، چونکە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر شیعری کلاسیکدا هات، جۆرایەتی نووسینی شیعریش گۆڕانی بەسەردا هات، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا چەند هونەرێکی جیاوازی تۆپۆگرافیای شیعری بە دوای خۆیدا هێنا، بۆیە شاعیرانی نوێخواز وەك شاعیرانی کلاسیك پابەند نەبوون بە چوارچێوەیەکی دیاریکراو

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022
JALHSS

بۆ پڕکردنەوەی (پێیەکان- تەفعیلەکان)ی کێشی عەڕووز، کە شاعیری ناجار کردووە بە پڕکردنەوەی هەنگاوەکانی ئەو قاڵبە شیعرییانەی بەکاریهێناوە، ئەمەش دەرگای لەبەردەمدا واڵاکردوون ئازادانەتر کەرستە زمانیەکان دابەشی سەر ڕووپەڕی لاپەڕەی نووسین بکەن و هونەری خۆیانی تێدا بنوێنن و شێوازی نووسنی شیعری ستوونی بگۆڕن و چەندین شێوازی وەك: (شکاندنی شێوازی ستوونی عەڕووز و پێیەکانی، شکاندنی شێوازی ستوونی کێشی پڕگەیی، هەڵوەشاندنەوەی و دووبارە کردنەوەی کەرستەکانی زمان، پەیژەیی، بازنەیی، سێگۆشەیی، نووسین بە شێوەی ژمارە،...هتد) لێ بەرهەمبهێنن (گەلاڵەیی،2010،73-86). هۆیەکانی دەرکەوتنی هونەرە جیاوازەکانی تۆپۆگرافیاش دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی شیعری سەربەست و ئەو قاڵبە جیاوازانەی لە نووسینی ئەو شیعرەدا بەکارهاتووە، لەگەڵ ئەو هونەرە جیاوازانەی پەیوەندی بە مۆسیقای شیعرییەوە هەیە، ئەمە جگەلە گۆڕینی چێژ و سەلیقەی خوێنەر لەڕێگەی گۆشەنیگای بینین (عەزیز، 2018،479) و کاریگەربوونی شاعیرانی نوێخواز بە ڕێبازی (هونەر بۆ هونەر)، کە پێیان وابووە ئەدەبیش لقێکە لە لقەکانی هونەر، بۆیە سوودیان لە هونەری نیگارکێشان وەرگرتووە و شێوە ئەندازەییەکی جیاوازی شیعرییان پێشکەشکردووە، بەمەش جگەلەوەی سپێتی سەر ڕووپەڕی لاپەڕەیان زیادکردووە، توانیویانە بێزاری خوێنەر لە شیعری کۆن پەرەوێنێتەوە و جۆرە جوانییەك لە مێشکیدا بچەسپێنن، چونکە زۆری ڕەشایی سەر کاغەز و دووبارەبوونەوەی ئەم شێوازە ناخۆشی و جەنجاڵییەکی لە مێشکی خوێنەردا دروستکردبوو و چێژی هونەری کەمکردبووەوە، بۆیە گۆڕینی تۆپۆگرافیایی شیعری لای شاعیرانی نوێخواز بوو بە خاسیەت و هونەرێکی دیاری شیعری نوێ (کاك ئەمین،2008،191-192)، ئەمەش سەرنجی و بیگای ڕەخنەگرانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، بۆیە لە توێژینەوە زانستیەکاندا گرنگییەکی تایبەتی پێدراوە، بەڵام ئەم بابەتە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا تەنها لە سنووری وتار و تەوەری کتێب و نامە ئەکادیمیەکانیدا ماوەتەوە هیچ توێژینەوەیەکی زانستی سەربەخۆی لە چوارچێوەی کتێب و نامەی زانستی دەربارە نەنووسراوە، بۆیە پێشنیازدەکەین پسپۆڕانی ئەم بوارە لە داهاتوودا کارێکی لەم شێوەیە ئەنجام بدەن. لەسەر ئەو بنەمایە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدرێ تۆپۆگرافیای شیعری نوێی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لای (هاوار، چاوە، سوارە) بخرێتە ڕوو، چونکە یەکێکتر لە داهێنانەکانی ئەم شاعیرانە بریتیبووە لە گۆڕینی بنەمای فۆرمی ستوونی تۆپۆگرافیای شیعری کوردی و شڵەقاندنی ئەو گۆمە مەنگەی تۆپۆگرافیای شیعری کوردی ئەم بەشەی کوردستان گرتبووەوە، ئەمەش هەر لە سەرەتاوە لای هەرسێ شاعیر بەرچاو دەکەوێت، بۆیە لە خوارەوە ئاماژە بەو شێوانە دەکەین، کە لای ئەوان پەیرەوکراون:-

**أ- شکاندنی شێوازی ستوونی عەڕووزی و پێیەکان:** شاعیری کلاسیك لەنووسینی شیعری عەرووزیدا ناجاربووە لەسەر شێوازی ستوونی و پڕکردنەوەی پێیەکانی ئەو کێشە بڕوات، کە قاڵبە شیعرییەکەی لەسەر هەڵجنیوە، بەڵام لە شیعری نوێدا شاعیر پابەندی ئەم جۆرە یاسایە نابێت، بۆیە لەتە دێرەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و بە

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022

سەر چەند نیمچە لەتێکی تریدا دابەش دەکات و هەر نیمچە لەتێکیش لە پێیەك یان زیاتر پێکدێت (باڵەکی،2005،108-109). ئەمە دیاردەیەش لای هەر سێ پایەکەی شیعری نوێی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە. بۆنموونە (هاوار) شیعری (تاریکی و نوور)ی لەسەر کێشی (هەزەج- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن ×2) نووسیوە، بەڵام شاعیر بەپێی مەبەست و پەیامی شیعرەکەی پێیەکانی پڕکردوونەتەوە، نەك قاڵبی شیعرەکە، بۆیە نێوە دێڕ هەیە پەك پێیە و هەشە چوار پێی تەواوە، هەروەك لەم کۆپلەیەدا دەردەکەوێت و دەڵێ:

**ئەتۆ جوانی!**

یەك پێ (مفاعیلن)

**ئەتۆ گیانی!**

یەك پێ (مفاعیلن)

**ئەتۆ سروەی شەماڵی بەر بەیانانی!**

سێ پێ (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

**ئەتۆ وەك دیمەنی خاوەن شکۆی کوێستانی کوردانی...!**

چواری پێی تەواوە (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

**ئەمن دارێکی ویشك و ڕووتی بەر تاوم،**

سێ پێ (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

**ئەمن کۆشکێکی ڕووخاوم،**

دوو پێ (مفاعیلن مفاعیلن)

**بەجێ ماوم....**(حەسەنیانی،2010،127)

یەك پێ (مفاعیلن)

بەهەمان شێوە (چاوە) شیعری (غەریبی) لەسەر کێشی (هەزەج- مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن ×2) هۆنیوەتەوە، بەڵام هەنگاوەکانی بەپێی مەبەستی شیعری پڕکردوونەتەوە، نەك بەگوێرەی قاڵبەشیعرییەکە، بۆیە نێوە دێڕ هەیە یەك پێیە و هەشە چوار پێی تەواوە ، بەمەش تۆپۆگرافیای شیعری ستوونی گۆڕێوە و لەسەر شێوازی شیعری نوێ شیعرەکەی هۆنیوەتەوە. وەك دەڵێ:

**لە دڵمانا غەریبی ئەی شەوی نەورۆز**

سێ پێ (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

**لە دڵمانا غەریبی ئەی شنەی گەرمی بەهاراوی**

چواری پێی تەواوە (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

**لە دڵمانا غەریبی ئەی کچی لادێ!**

سێ پێ (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

**گوڵاڵەی سەوزەڵانی!**

دوو پێ (مفاعیلن مفاعی)

**بەچاوی گەش،**

یەك پێ (مفاعیلن)

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022

**گەزیزەی بەر بەڕۆژانی**
دوو پێ (مفاعیلن مفاعی)
**تریفەی بەفری بەر تاوی**
دوو پێ (مفاعیلن مفاعی)
**زرێباری بەیانی تاو و ساوی**...(ناسری،2019،63)
سێ پێ (مفاعیلن مفاعیلن مفاعی)

هەروەها (سوارە) لەشیعری (خەوەبەردینە)دا، کە لەسەر کێشی (موتەقاریب- فعولن فعولن فعولن فعولن ×2) هونراوەتەوە بەپێی مەبەست پێیەکانی بەکارهێناوە و خۆی بەسیستەمی دوولەتی و ژمارەی دیاریکراوی پێیەکان بە گوێرەی قاڵبی شیعرەکە بۆ هەر لەتێك نەبەستووەتەوە، بەڵکو لەسەر شێوازی شیعری نوێ مامەڵەی کردووە، بۆیە لەتە دێڕ هەیە یەك پێ یان دوو پێیە و هەشە چوار پێنج پێیە، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی ئازادییەکی تەواوی پێبەخشیوە لە دەربڕینی هەست و سۆزیدا و ناجاریشی نەکردووە بە پڕکردنەوەی ژمارەی پێیەکان و یارمەتیداوە بۆ گۆڕینی تۆپۆگرافیای شیعری و کەمکردنەوەی ژمارەی وشەکان و ڕەشێتی شیعری:

**لەبەر نووری خۆرا**
دوو پێ (فعولن فعولن)
**گەلێ کوێرەکانی، شەوارەن،**
سێ پێ (فعولن فعولن فعولن)
**زنەی دەم بە هاواری هاری درۆزن، هەزارن،**
پێنج پێ (فعولن فعولن فعولن فعولن فعولن)
**کە تەلیسمی سێحر و تەلیسمی بنارن**...............(ئاشتی،2014،561-562)
چوار پێ (فعولن فعولن فعولن فعولن)

**ب- شکاندنی شێوازی ستوونی کێشی بڕگەیی:** هەرچەندە نووسینی شیعری ستوونی لەسەر کێشی بڕگەیی یەکێکە لە خاسیەتەکانی شیعری نوێ و لای سێکوچکەی شیعری نوێی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش پەیرەوکراوە، بەڵام زۆرجا شاعیر لە پێناو ئەوەی ئازادانەتر بۆچوونەکانی دەربڕێت و سیمایەکی جیاواز بە شیعرەکەی ببەخشێت، گەرچی کێشی بڕگەیی بەکاردەهێنێت، بەڵام لەبری ئەوەی بەشێوەی ستوونی دووباڵی یان ستوونی ڕێك بێتە خوارێ بە زیادکردن و کەمکردنی بڕگەکان نیوە دێڕەکان تێك دەشکێنێت بۆ چەند نێوە دێڕێکی بچووکتر، بەمەرجێك هاوسەنگی کێشی شیعرەکە پارێزراو بێت، چونکە شیعری نوێ چەند بەیتێکی وەزنداری یەکسان نییە، بەڵکو یەکیەتی فکر و خەیاڵ و وێنە جێگەی یەکیەتی قاڵب و بەیت دەگرێتەوە، بۆیە کورتی و درێژی بەیتەکان بەندە بە گەیاندنی پەیامی شاعیر بەبێ بەکارهێنانی وشەی زیادە لە پێناو تەواوکردنی هاوسەنگی بەیتەکان (ڕەئوف،2013،63). ئەم جۆرە تۆپۆگرافیایە ڕووبەرێکی زۆری شیعری نوێی کوردی گرتووەتەوە و زۆربەی شاعیران پەیرەویان کردووە. بۆ نموونە (هاوار) لە شیعری (جەللاد)دا کاتێك دەڵێ:

**وەرە جەللادا!**

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022

**وەرە گیانم هەموو لەت لەت بکە تاکوو بزانی چۆنە ئیمانم.**
**ئەتۆ جەللاد!**
**ئەگەر دەربێنی ئێسکانم،**
**ئەگەر لەبەر چاوم بکووژی گشت عەزیزانم،**
**بە وەڵڵاهی،**
**بە خاکی پاکی کوردستان،**
**ئەمن کورد، قەتیش ناڵێم پەشیمانم**...(حەسەنیانی،2010،111)

لەگەڵ ئەوەی وێنەی ئەم جۆرە تۆپۆگرافیایەی کێشاوە بەوەی نیوە دێڕ هەیە (4) بڕگەیە هەشە (8، 12، 16، 20) بڕگەیە و وێنەیەکی جیاوازی دابەشکردنی دێڕەکانیشی لەسەر ڕووی کاغەز پێشکەش کردووە، چونکە سەرەتا لای ڕاستی لاپەڕەی گرتووە و دواتر لەگەڵ هاتنە خوارەوە سپێتی لای ڕاست زیادی کردووە و بە زیاد کردن و کەم کردنی بڕگەی نیوە دێڕەکانیش چاڵ و چۆڵی خستووەتە نێوان نیوە دێڕەکان. ئەم دیاریدەیە لای (چاوە، سوارە)ش وێنەی زۆرە بە نموونە (چاوە) لە شیعری (لووتکەی ئامانج)دا کاتێك دەڵێ:

**شەوێکی بێ تریووسکایی**
**کە تاریکی**
**لەم ئاسۆ تا ئەو ئاسۆ بوو**
**نە زەردەخەنەی ئەستێرە بەر چاو ئەکەوت**
**نە ڕێزە هەڵپەڕکێی کۆ بوو**
**نە بزەی مات و خەمگینی حەوتەوانان**...(ناسری،2019،44-45)

پەیرەوی لەم شیوازە کردووە، چونکە سەرەتا نێوە دێڕێکی (8) بڕگەیی و پاشان (4، 8، 12)ی بەکارهێناوە، هەروەها (سوارە) لە شیعرە بڕگەیەکانیدا پەیرەوەی ئەم شێوازی کردووە. بۆ نموونە لە شیعری (سروەی بەیانی)دا کاتێك دەڵێ:

**تۆ وەکوو**
**سروەی بە یانانی بەهاری!**
**تۆ لە لەشما**
**گیانی سووکی نادیاری،**
**بۆ شەوە خۆشی و ناخۆشیم یادگاری،**
**ڕەمزی دەردی ئینتیزاری!**...(ئاشتی،2014،579)

سەرەتا نێوە دێڕێکی (3) بڕگەیی و پاشان (9، 4، 7، 11، 8) بەکارهێناوە. لەسەر هەمان شێواز ڕۆیشتووە و ئەو جۆرە تۆپۆگرافیایەی پێشکەش کردووە.

**ت- تۆپۆگرافیای شێوە ئەندازەییەکان:** ئەم جۆرە تەکنیکە، کە یەکێکە لە شێوازەکانی شیعری نوێ و تیایدا شاعیر لەڕێگەی کەرستەکانی زمانەوە وێنەیەکی ئەندازەی لە شێوەی (سێگۆشە، پەیژە، بازنە، قوچەکی،...هتد) دەکێشێت و دەقەکەی پێ دەڕازێنێتەوە، بەڵام ئەم شێوازانە هەموویان لە شیعری (هاوار، چاوە، سوارە)دا دەرنەکەوتوون، بۆیە تەنها ئەوانە دەخەینەڕوو، کە نموونەیان لای ئەم شاعیرانە هەیە:-

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022
JALHSS

1- **تۆپۆگرافیای پەیژەیی:** نووسن بە شێوازی پەیژەیی (پێپیلکانەیی)، کە بریتییە لە چۆنیەتی دابەزینی دێڕەکانی شیعر لەسەرەوە بۆ خوارەوە بە شێوەی پێیەکانی پەیژە، یەکێکە لە سیما دیارەکانی تۆپۆگرافیای شیعری نوێ و زۆربەی شاعیرانی نوێخواز ئەم شێوازەیان پەیرەو کردووە و گرنگییەکی تایبەتییان پێداوە. ئەم جۆرە ترپۆگرافیایەش لە ئاستی کەرستەکانی زمان (پیت، وشە، گرێ، ڕستە) و ئاستی پێکهاتەی شیعری (نێوە دێڕەکان)دا دەردەکەوێت. بۆ نموونە (هاوار) یەکێکە لەو شاعیرانەی گرنگییەکی تایبەتی بەم شێوازە داوە و لە زۆربەی شیعرە نوێکانیدا ئەم تۆپۆگرافیایەی بەکارهێناوە. هەروەك لە شیعری (خۆفرۆش)ی دەردەکەوێت، کە سەر تاپای نێوە دێڕەکانی شیعرەکەی لەسەر ئەم شێوازە نووسیوە. وەك لەم کۆپلەیەدا دەردەکەوێت:

**تریفەی مانگە،**
**لە نێو کەلاوان،**
**شەمامەی جوانە**
**بۆ دەستی لاوان...**(حەسەنیانی،2010،119)

لایەنێکتری تۆپۆگرافیای پەیژەیی شاعیر لەئاستی کەرستەکانی زماندا تۆمارکراوە. بۆ نموونە لە شیعری (ئەتۆم دەوێ)دا بەهۆی چەند گرێیەك ئەم شێوازی پەیرەوکردووە و دەڵێ:

**ئەتۆ لە ئاوی کانیی بەر بنار،**
**لە لارە لاری گیاو گوڵی بەر شنەی بەهار،**
**لە ئاورینگ،**
**لە هەوەڵین گزینگ،**
**جوانتری...**(حەسەنیانی،2010،129)

لایەنێکیتری تۆپۆگرافیایی پەیژەیی (هاوار) ئەوەیە، کە بە هۆی (گرێ) پەیژەکە دروستکراوە، بەڵام بە دوو گرێ یەك پلیکانەی پەیژەیان دروستکردووە، هەروەك لە شیعری (کیژی خەم)دا دەردەکەوێت:

**کیژێك، بێ ناوێك،**
**خەم لێ هاڵاوێك،**
**بووکی چارەڕەش،**
**لە ژیان بێ بەش،**
**زەردەی خەزەڵوەر،**
**سروودی ڕۆژپەڕ،....**(حەسەنیانی،2010،162)

هەروەها ئەم شێوازە لای (چاوە، سوارە)ش گرنگی پێدراوە و چەند وێنەیەکی ئەم شێوازەیان هەیە. بۆ نموونە (چاوە) لە سەرەتای شیعری (بەرخەمامز)دا وێنەیەکی پەیژەیی دەکێشێت و دەڵێ:

**هاتمە هەوارەکەت**
**ڕێم گەیشتە بەر دەوارەکەت**

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022

**بواری لێ تەنیم بە جارێ بەژن و بارەکەت...**(ناسری،2019،44)
هەروەها (چاوە) لە ئاستی کەرستەکانی زمان بە سوود وەرگرتن لە گرێکان وێنەی تۆپۆگرافیای پەیژەیی کێشاوە وەك لە شیعری (زستان)دا دەردەکەوێت کاتێك دەڵێ:
**ئێوارەیەك**
**چەن تارمایی**
**تەرمێك لە کۆڵ**
**ئەیانشکان بەفر و سەهۆڵ...**(ناسری،2019،53)
(سوارە)ش گرنگی بە تۆپۆگرافیای پەیژەییداوە و چەند وێنەیەکی ئەم شێوازە لە شیعرەکانیدا بەدیی دەکرێت. بۆ نموونە لە شیعری (خەوەبەردینە)ی لە ئاستی نێوە دێردا بەم شێوی پەیژە کۆتایی بە شیعرەکە هێناوە و دەڵێ:
**نە، وەستان ئەوەستێ بە دەستێ**
**کە خاراوی ئێش و سواوی سوێ بێ!**
**لە هەر شوێنێ ڕاماوە، داماوە، کاری تەواوە!**
**ئەزانێ ئەبێ هەر بڕێ و باژوێ، تا بژێ، تا بمێنێ،**
**هەناوی بە هەنگاوە، نەسرەوتە، کوولەکەی ڕوحی ئاوە!**..(ئاشتی،2014،564)
2- **تۆپۆگرافیای سێگۆشەیی**: نووسین بە شێوەی سێگۆشە یەکێکە لە جۆرەکانی تۆپۆگرافیای شیعری نوێ و تیایدا شاعیر لەڕێگەی نووسینەوە (وشەکانەوە) وێنەیەکی ئەندازەی سێگۆشەیی پێشکەش دەکات. ئەم شێوازەش لای هەریەك لە سێکوچکەی شیعری نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە (هاوار) لە شیعری (گێژەڵۆکە)دا کاتێك دەڵێ:
**لەڕێگەی گەیشتن بە ئاوات،**
**وەکو گێژەڵۆکەم لە دوو ڕێی بەسەرهات...**
**گەلێ کێو و ڕژد و خڕ و چەم،**
**گەلێ خەم،**
**گەلێ تەم،**
**بەجێم هێشتووە و ڕێ دەپێوم بەرەو دوندی ئەستەم...**(حەسەنیانی،2010،138)
لەم کۆپلەیەدا لە نێوە دێری دووەمەوە بۆ گرێی (گەلێ تەم) وێنەیەکی سێگۆشەیی هەڵگەڕاوەی پێشکەش کردووە، هەروەها ئەم شێوازە لای (چاوە، سوارە)ش بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەنگە داوەتەوە. بۆ نموونە (چاوە) لە شیعری (پێم ناڵێی چی دڵی گرتی؟)دا لەگەڵ ئەوەی لای ڕاستی لاپەڕەی گرتووە لە شێوازی کۆنی لاداوە، کۆپلەی یەکەمی بە شێوەی سێگۆشەیی نووسیوە و دەڵێ:
**دڵم نایە لۆمەت بکەم**
**هەرچی ئەکەم**
**دڵم نایە......**(ناسری،2019،75)

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022

هەروەها (سوارە) لە شیعری (تۆ دەریامی)دا چەند کۆپلەیەکی بە شێوەی سێکۆشە نووسیوە بۆ نموونە کاتێك دەڵێ:

**تۆ دەشتی ئەو پەڕ نادیاری**
**بۆ چۆڵبڕی لە پێکەوتوو**
**تاپۆی شاری**
**تۆ ڕوح سووکی وەك خەونی خۆش،**
**وەك هەناسە،**
**جێ ناگری**...(ئاشتی،2014،573)

وەك دەردەکەوێت ئەم دوو کۆپلەیە بە دوای یەکدا هەر دووکیان بەشێوەی سێگۆشە هۆنراونەتەوە.

ث- **جێهێشتنی بۆشایی:** یەکێك لە خاسیەتەکانی شیعری نوێ بریتییە لەوەی شاعیر لەڕێگەی دانانی چەند خاڵێك لە (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) دێڕەکاندا بۆشاییەك جێدەهێڵێت، بەمەش شاعیر پەیام و مەبەستێك بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت و دەبێ خوێنەر بەدوای دیوەشاراوەکانیدا بگەڕێت و نەدرکاوەکان بدۆزێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بێدەنگییە کورتبڕی و سپێتی زیاد دەکات، بەمەش تۆپۆگرافیایەکی سەرنجڕاکێش و جیاواز پێشکەش دەکات، بەڵام ئەوەی تێبینیکراوە ئەوەیە ئەم شێوازە لای (هاوار، چاوە، سوارە) تەنها لای (هاوار) ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەیە و لە زۆربەی شیعرەکانیدا ئەم شێوازەی تۆمارکردووە. هەروەك لە شیعری (زەماوەندی گەورە)دا دەردەکەوێت:

**پەپولە!**
**گزینگی بەیانی ژینێکی نوێیە،**
**کە وا تیشکی ئەڕوا بەرەو دوور... دوور...**
**ئەوا هەندەرانی هەموو کردە نوور...** (حەسەنیانی،2010،137)

کەچی ئەم شێوازە لای (سوارە) هیچ وێنەیەکی نییە و لای (چاوە)ش تەنها لە دوو شیعردا (ئاسمان دوور و زەوی سەخت، پێم ناڵێی چی دڵی گرتی؟)دا یەکی یەك جار و لە کۆتایی دێرەکان وێنەیان تۆمارکراوە. وەك لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

**گەلی برادەرینە!**
**زەوی سەختە، ئاسمان دوورە...** (ناسری،2019،62)

لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە هەریەکە لە (هاوار، چاوە، سوارە) لەڕێگەی چۆنیەتی و چەندییەتی نووسینی پیت و وشە و گرێ و ڕستەکان لەسەر ڕووی لاپەڕە و لادان لە قاڵبە دەقگرتووەکانی کلاسیکی بوون بە سەرمەشقی گۆڕینی تۆپۆگرافیای شیعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە شاعیران ویستوویانە لەپاڵ پەیامی شیعرەکانیاندا لەڕێگەی دەربڕین و بینینەوە ئاوێتەکردنێك لە نێوان شیعر و وێنەدا دروست بکەن، تاکو فکر و خەیاڵ و وێنە جێگەی یەکیەتی قاڵب و بەیت بگرێتەوە و لەم ڕێگەیەشەوە ئیستاتیکا و چێژی دەقەکانیان بەرزبکەنەوە (پیرباڵ،2005،105).

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022
JALHSS

## ئەنجام

1- ناونیشان لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ناساندن و بانگەشە و پەیامی شیعردا، کەچی لە شیعری کلاسیکدا گرنگی پێنەدراوە و تەنانەت شاعیرانی کلاسیك دیوانی شیعرەکانیشیان هەر بەناویخۆیانەوە بووە، بۆیە ناونیشان وەك تەکنیکێکی نوێی شیعری نوێ باس دەکرێت.
2- تۆپۆگرافیای شیعری نوێ جیاوازە لە تۆپۆگرافیای شیعری کلاسیك، چونکە بەهۆی یاساکانی شیعری کلاسیکەوە شاعیر هەر لەسەرەتاوە چۆنیەتی و چەندیەتی وشەکانی لەسەر ڕووبەری لاپەڕ دەزانێ، بەڵام لە شیعری نوێدا بەهۆی تێکشکاندنی کۆت و بەنەکانی یاسا کلاسیکیەکان شاعیر ئازادە لە چۆنیەتی و چەندێتی نووسینی وشە لەسەر ڕووی لاپەڕە، بۆیە تا تەواوبوونی شیعرەکە تۆپۆگرافیای شیعری نوێ نەزانراوە.
3- هەریەکە لە (هاوار، چاوە، سوارە) وەك سێکوچکەی شیعری نوێی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بایەخێکی تایبەتیان بە ناونیشان داوە، بۆیە لەکاتی بینینی ناونیشانی شیعرەکان خوێنەر هەست بە وردی و زەوق و سەلیقە و زمانزانی و شاعیریەتییان دەکات، چونکە زۆربەی ناونیشانەکان شیعریەتیان تێدا بەدی دەکرێت، هەروەها لەڕێگەی چۆنیەتی و چەندییەتی نوویسنی لەسەر ڕووی لاپەڕە لە قاڵبە دەقگرتووە کلاسیکیەکانیان لاداوە و تۆپۆگرافیای شیعرییان گۆڕیوە و چەند جۆرێکی تۆپۆگرافیای نوێیان هێناوەتەکایەوە.

## المصادر

### الكتب:

1-ئاشتی، سەلاحەددین و عومەر ئێلخانی، (2014)، شەنگە سوار سەرجەمی بەرهەمەکانی سوارە ئێلخانی زادە، چاپی دووەم، چاپخانەی غەزەلنووس- سلێمانی.
2-باڵەکی، (2005)، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی (1898-1932)، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ- هەولێر.
3-پیربال، فەرهاد (د)، (2002)، عەبدولڕەحیم ڕەحیمی هەرکاری- تازەکردنەوەی شیعری کوردی و داهێنانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردی دا، چاپخانەی وەزارەتا پەروەردێ- هەولێر.
4-پیربال، فەرهاد، (2005)، شیعری نوێی کوردی، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای کوردستان- هەولێر.
5-حەسەنیان، زاگرۆس عەلی، (1390)، گۆناھ دیوانی شێعری عەلی حەسەنیانی (هاوار)، چاپی سێهەم، چاپخانە پەخشانگای ڕامان.
6-ڕەئوف، لوقمان، (2013)، سەرەتایەك بۆ ڕۆمان و شیعری سەربەستی کوردی، چاپخانەی لاوەند- سلێمانی.
7-ڕەئوف، لوقمان (د)، (2016)، دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمۆلۆژییەوە (1950-1975) کرمانجی خواروو، چاپخانەی حەمدی.

DOI: https://doi.org/10.33193/JALHSS.81.2022.700
ISSN online: 2414 - 3383
ISSN print: 2616- 3810
مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع
Journal of Arts, Literature, Humanities and Social Sciences
www.jalhss.com
Volume (81) July 2022 العدد (81) يوليو 2022

8-ڕەشید، فوئاد (د)، (2007)، دەقی ئەدەب ئەدگار. چێژ. بەها،بلاوکراوی ئاراس- هەولێر.
9-عەزیز، بێستوون عارف، (2018)، بەرپرسیارێتی دڵدار بەرمبەر شیعر و واقیع- باسەکانی یادی سەد ساڵەی لە دایکبوونی دڵدار، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.
10- کاك ئەمین، حوسێن غازی، (2008)، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ساڵی 1932-1949 لە کوردستانی عێراقدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.
11- گەڵاڵی، حوسێن غازی کاك ئەمین (د)، (2010)، ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە باشووری کوردستان لە ساڵانی (1980-1991)دا، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر.
12- ناسری، عەزیز، (2019) هەرێمی شەو کۆ بەرهەمی شێعرەکانی چاوە (فاتح) شێخولئیسلامی "ف. پشکۆ"، لە بڵاوکراوەکانی غەزەلنووس.

**الرسائل الجامعية:**
13- حمە، محمد ابراهیم، (2021)، بنیاتی هونەری و دەقئاوێزان لە ئەزموونی شیعریی (دلاوەر قەرەداغی)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین.
14- حسنية، مسكين، (2014)، شعرية العنوان فى الشعر الجزائر المعاصر، رسالة دكتوراه، جامعة وهران- السانيا.
15- خالد، عبدالله محمد، (2021)، ستراتیژیەتی ناونیشان لەشیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
16- الشريف، رهام، (2018)، سيميائية العنوانة فى قصائد محمود درويش، رسالة الماجستير، جامعة ديمشق.

**مجلات:**
17- بەرزنجی، عبداللە طاهر، (1994)، جوگرافیایی دەق و ئامادەبوون و دیارنەبوونی ڕەشی و سپێتی، گۆڤاری کاروان، ژ: (12)ی خولی ڕاپەڕین.
18- قەرەداغی، عەتا، (2019)، ڕەهەندی گەڕانەوە بۆ ئامێزی سروشت لە شیعری (شار)ی سوارە ئێلخانیزادەدا، گۆڤاری ڕامان، ژ: (262).
19- الثامری، ضیاء راضی، (2010)، العنوان فی الشعر القراقی المعاصر انماطه و وظائفه، مجلة القادسية فی الادب و العلوم التربوية، المجلد (9)، العدد (2).
20- قزوینی، معصومه نیعمتی، (1389)، نیشانەشناسی عینوان در شعر احمد مطر بر اساس دیدگاه سوسور، فصلنامه لسان مبین (پژوهش ادب عربی)، سال یادهم، دوره جدید، شماره: (38 ).
21- رضا، عامر، (2014)، سیمیاء العنوان فی شعر هدی میقاتی، مجلة الواحات للبحوث و الدراسات، المجلد (7)، العدد (2).